# یەکێتی نیشتمانی کوردستان و داخستنی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالأنی کوردستان

لە یادی سێ ساڵەی داخستنی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالأنی کوردستان لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالأنی کوردستان ، دامەزراوەیەکە بۆ بەرگری کردن لە مافە ئینسانیە فەردی و مەدەنییەکانی منالأنی کوردستان ، لە لایەن کۆمەڵێك خەڵکی ئازادی خواز و چەپ و کۆمۆنیست ، وە بە ئامادە بوونی زیاتر لە 150 کەس و بە بە شداری بە شێك لە نوێنەری لایەنەکان و کە ناڵەکانی ڕاگەیاندن ، بەرواری 1999/3/5 لە هۆڵی ڕۆشنبیری دوا ڕۆژ لە شار ی سلێمانی ، پێك هات . سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالأنی کوردستان بۆ باشتر کردنی هەل و مەرجی ژیانی منالأن و بەرز ڕاگرتنی جێگەو ڕێگەی کۆمەڵایەتیان و باشکردنی باری مادی و خۆشگوزەرانیان خەبات دەکات . وە جێگەو ڕێگەی منالأن ودابین کردنی مافەکانیان لە هەر کۆمەڵگایەکدا ، سەرەکیترین و گرنگترین پێوەری باری فەرهەنگی و پێشکەوتووی و ئینسانی بوونی ئەو کۆمەڵگایەیە ، هەروەها ڕەفتاری هەر کۆمەڵگایەك لەگەڵ منالأندا سەنگی مەحەکی ئینسانی بوون و ئازادی بوونی ئەو کۆمەڵگایە بەیان دەکات ، منالأن لە پێشەوەن و یەکەم شتن کە دەبێ گرنگیان پێبدرێت و لە پێشترن لە هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا.

## یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشی کردە سەرکێ؟ چ شتێکی داخست؟

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشی کردە سەر سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالأنی کوردستان ، چەکدارو بەرپرسەکانی ئاسایشی سلێمانی منالە بێخانەو لانە و بێ سەرپەرشتەکانی سەنتەریان ، ئەو منالأنەی کە کەس و کاری پلە یەك و دوویان لە دەست دابوو وە جگە لە سەنتەری منالأن هیچ پەناگەیەکی تریان شك نەدە برد، ئاوارەی نێو کۆلأنەکان وسەر جادە کان کرد . دوای ئەوەی کە بە ئیعترافی منالەکان خۆیان لەلایەن بەرپرسان و چەکدارانی ئاسایشەوە توشی توند و تیژی و ئازاردان و لێدان ببوون ، کە ئاسەواری سزادان بە پشتیانەوە دیار بوو . چەکدارەکانی جەلال تاڵەبانی بەرگری کردن لە مافەکانی منالأنی کوردستان و پاراستنی حومەتەت و کەرامەتی منالأنیان قەدەغە کرد ، دوای ئەوەی کە خۆیان و حکومەتە ساواکەیان نەیان توانی بەو هەموو دەسەلأتەی خۆیانەوە، وە بەو هەموو سەروەت و سامانەی والەبەردەستیان دایە ، کە هەمووی پاروی دەمی هەژاران و نەدارانی کوردستانەو ڕۆژانە هەڵی دەلوشن ، نەیان توانی ژیانێکی ریفاه بۆ منالأن دابین بکەن و جێگەیەك بۆ حەوانەوەو سەرحاڵی منالأن بکەنەوە ، ئەوەش کە ئەوان هەیانە تەنها زیندانێکە بۆ منالأن و هیچی تر . کە خۆیان حکومەت بوون و ئەمەیان پێنەکرا بۆیە نەشیان هێشت ئێمە بیکەین و قەدەغەیان کرد و داگیرو تالأنیان کرد .

## سەنتەری منالأن چ کارەبوو؟؟

ئیشارەتێکی زۆر کورت بە چەند کارێکی سەنتەر لەوانە: –

- سەنتەری منالأن دالدەدەرو بە خێوکەری پێنج منالی بێسەرپەرشت و بێخانەو لانە بوو، کە ناوەکانیان لامان پارێزراوە .
- لە باری کۆمەك بە کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ، کۆمەکی بە 12 منالی کرد . لەوانە 4 منالی بێسەرپەرشت ، 3 حاڵەتی توندو تیژی و ئازاردانی دەرونی و فیزیکی لە خێزاندا ، یەك حاڵەتی توندو تیژی لە جۆری تەهدیدی کوشتن ، یەك حاڵەتی ناچار کردنی منالٌ بە کاری سەخت و تاقەت پڕوکێن ، 3 حاڵەتی تری کێشەی خێزانی جیا جیا( کە ناوی سیانی منالەکان وجۆری کێشەکانیان لامان پارێزراوە).
- دابین کردنی داوو دەرمان بۆ 10 منالٌ . لەوانە 7 منالیان برینی جەسەدییان هەبوو ، یەك منالٌ لە بارێکی دەروونی زۆر سەختدا بوو وە پێویستی بە ئاگاداری و چارەسەری بەردەوام هەبوو ، 2 حاڵەتی تر کە کێشەی دەرونیان هەبوو، بەخاتری ئەوەی کە لە لایەن کەس و کاریانەوە بە زۆر نێردرابوون بۆ حوجرە و مزگەوتەکان و بە دە رسە تۆقێنەرەکانی دەستەو تاقمە ئیسلامییە تیرۆریستەکان ، تۆقێنرابوون (ناوو تایبەتمەندی کێشەکانیان لامان پارێزراون).
- بەبڕیار کردنی قەدەغەکردنی لێدان لە خوێندکاران لە خوێندنگاکاندا ، ئەمیش لەڕێگەی سەردان و فشارو هێنان و قسەکردنی بەردەوام لەسەر ئاسەوارە خراپەکانی لێدان لە قوتابیان و خوێندکاران ،لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پەروەردە و وەزارەتی پەرورەردەی حکومەتەکەی جەلال تاڵەبانییدا .

**لێکۆڵینەوە لە کێشەی منالأن و دەسنیشان کردنی کێشەکانیان و بە دوادا چوونی دەستبەجێ لە لایەن تیمە فریا گوزارییەکانی سەنتەرەوە .**

200 حاڵەتی توند و تیژی و لێدان و شکاندنی حورمەتی ئینسانی و ئیهانەت پێکردنی منالآن لە خوێندنگاکاندا . 500 حاڵەتی کاریگەری فیزیکی ودەرونی منالآن بە هۆی شەڕوکێشەی کۆمەلآیەتی نێوان ئەندامانی خێزانەکانیانەوە ، کە کاریگەری خراپی لەسەر منالەکان دانابوو . هەروەها لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای چۆنێتی ڕوودانی کێشەکان و هۆکارە کان و هەوڵدان بۆ چارە سەر کردنیان ، لەوانە : -

- کوشتنی زۆر وەحشیانەو دڕندانەی منالێکی بۆیاخچی بە ناوی ئازاد ئەبوبەکر کە سەربڕابوو ، وە دیمەنی ئەم منالە سەر بڕاوە هێندە ترسناك و تراژیدیایەکی نا ئینسانی بوو ، کە تەماشاکردن و وێنە گرتنی کارێکی ئاسان نەبوو. وە دڵ و ویژدانی هەموو مرڤدۆستێکی دە هێنایە هەژان .
- تەجاوەز کردن و خەفە کردنی منالێکی کچ بە ناوی دانا محمەد خورشید .
- کوشتنی منالێك بە ناوی هێمن نورەدین ، کە لە ئەنجامی لێدان لە لایەن مامۆستاکەیەوە گیانی لەدەست دا .
- تەجاوەز کردن و پاشانیش کوشتنی کچێك بە ناوی شەهلا مستەفا .
- کوشتنی منالێك بە ناوی ئارام ئیسماعیل .
- کوشتنی منالێك بە ناوی هەڤاڵ قارەمان ئیسماعیل .
- کوشتنی دڕندانەی منالێکی تر بەناوی دانا قادر ڕە سوڵ . کەئەمیش وە ك ئازاد ئەبوبەکر سەربڕابوو.
- تەجاوەز کردن بە کچێك (کەلەبەر باری ئەمنی ناوی بلاو ناکەینەوە).
- مەرگی منالێکی تر بە ناوی ڕێبوار عوسمان بە هۆی توشبوونی بە نەخۆشییەکی کوشندە ، کە توانای چارەسەری هەبوو ، بەلآم بەداخەوە بەهۆی هەژاری و کەمدەرامەتی لەڕادەبەدەری خێزانەکەیەوە ، سەرباری هەوڵ و تەقەلا کانی سەنتەرو مەحدودی ئیمکاناتی مادی ، وە درەنگ ئاگادار کردنەوەی ئێمە ، هەوڵەکان سەریان نەگرت و بەداخەوە مەرگ لە ژێر دەستی ڕفاندین و نەتوانرا فریای بکەوین ڕزگاری بکەین .

**ڕا ێکێشانی سەرنجی کۆمەڵگا بۆلای منالآن و بردنە سەری ئاستی هۆشیاری کۆنەڵگا. بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە توندو تیژی و نەهامەتییەکانی منالآن و ناساندنی کێشەی منالآن و بەدەسهێنانی پشتیوانی بۆیان.**

لەم بارەوە دە یان هەزار نوسخە لەبەیان و بلاو کراوەی چاپ و پەخش کرد و دەیان کۆڕو سمینارى بەرێخست و چەندین بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفیزیۆنی پێشکەش کرد سەبارەت بە کێشەجۆراو جۆرەکانی منالآن و جێگەو ڕێگەی کۆمەلآیەتیان و توندو تیژی و لێدان و سوکایەتی بە منالآن و کاریگەری حوجرە و وانە دینییەکان و بەکارهێنانی توندو تیژی و سزادان لەلایەن بەڕێوەبەران و مامۆستاکانەوە لە قوتابخانەو خوێندنگاکانداو..و..هتد. کە دە کرێ لەم بارەوە ئیشارەت بە چەند کارێکی سەنتەری منالآن بکەین:-

- بۆ نیشاندانی ژیانی سەخت و پڕ کولەمەرگی منالآن ، سەنتەر چەند پێشانگایەکی شێوە کاری کردە وە کە بەشێك لەو تابلۆیانە بەدەستی هەر ئەو منالآنەی کە لەوێ بەخێومان دەکردن کێشرابوون ، ئەوان بەبیری ناسك و فلچەو قەڵەمەکانیان بەجوانترین شێوە لە تابلۆکانیاندا تەعبیرو باسیان لە واقعەتی تاڵی ژیانی ڕابردوی خۆیانیان دەکرد .
- ڕاگەیاندنی سەنەدی مافەکانی منالآن لە سەر بنەمایەکی ئینسانی و پێشکەوتن خواز کە پشتی بەستبوو بە بۆچوونەکانی (منسور حیکمەت ) سەبارەت بە مافەکانی منالآن و بلاوکردنەوەی نزیك بە دە هەزار نوسخە لێی.
- دەرکردنی بلاو کراوەیەکی مانگانە بە ناوی ( دنیای منالآن ) کە تەنها بە کۆمەك و هاوکاری لایەنگرانی منالآن چاپ دەکرا .
- هەوڵ و تێکۆشان و پەیوەندی بەردە وام و یەخەگرتن و فشار هێنان و بۆ دام و دەزگای حکومەتەکەی یەکێتی ، لەوانە مەحکەمە ، پۆلیس ، ئاسایش، وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن ، خوێندنگاکان و..هتد . بەمەبەستی باشکردنی ژیان و گوزەرانی منالآن و کەم کردنەوەو بنەبڕکردنی نەهامەتییەکانیان ، وە سەنتەر لە مەحکەمە نوێنەرایەتی دەعوا و کێشەی چەندین منالی دەکرد .
- پەیوەندی بەردەوام و فشارهێنان بۆ کۆمەڵێك ڕێکخراوی جیهانی لەوانە یونیسێف ، لێبوردنی نێو دەوڵەتی ، ڕێکخراوەکانی لایەنگرلە مافەکانی منالآن ، بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ وەزعییەتی نالەباری ژیانی منالآنی کوردستان و عێراق و کۆمەك وهاوکاری کردنیان .

- بەشداری مانگانەی نوێنەری سەنتەری منداڵان وەك بەرپرس و بەرگری کەر لەمافەکانی منداڵان و کێشەکانیان ، لەگەڵ یونسێف و یوئێن و باقی ڕێکخراوە بیانییەکان ، کە مانگی جارێك کۆدەبوونەوە . لەوێ نوێنەری سەنتەر کێشەی منداڵانی باس دەکردو کەم وکوڕی و پێداویستییەکانیانی دەخستە ڕوو، وە بەردە وام ئیشارەتی بە گوێنەدان و شانخاڵی کردنەوەی بەرپرسانی حکومەتەکەی جەلال تاڵەبانی دەکرد، سەبارەت بە کێشەی منداڵان و ڕەخنەی توندی لێدە گرتن ، شایانی وە بیر هێنانەوە یە کە هەرلەوێ لەلایەن بەرپرسانەوە هەڕەشە لەنوێنەری سەنتەر دەکرا بەو بیانووە ی پاشۆڵی حکومەتەکەیان لەسەر منداڵان هەڵدە داتەوە و بە موتەرجمەکەیان دەگووت کە قسەکانی نوێنەری سەنتەر بۆ نوێنەری ئەو ڕێکخراوە بیانیانە باس و تەرجەمە نەکات ..!!

**سەنتەر دەیەویست چی بکات ؟ پرۆژەکانی ئایندەی چی بوون ؟**

سەرباری هەڵسوڕانی چالاکانەی سەنتەر لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا و هەوڵدانی هەموو ڕۆژەی بۆ چارە سەری کێشەکانی منداڵان و بە دوادا چوونی ، ئەم ئەرك وپرۆژانەی لەدەستوری کاری خۆیدا دانابوو:-

- کردنەوەی دایەنگاو باخچەی ساوایان و شوێنی یاری و وەرزش بۆ منداڵان .
- کردنەوەی خانەیەکی گەورەی بێسەرپەرشتان لە سلێمانی، کە هەموو منداڵانی بێسەرپەرشت لە خۆ بگرێ .
- دانانی ڕقابەت لەسەر هەڵس و کەوتی مامۆستایان و بەرپرسانی پەروەردەو فێرکردن ، بەجۆرێك کە بەهیچ شێوەیەك پەنا بۆ ئازاری جەسەدی و دەرونی و سوکایەنی بە منداڵان و خوێندکاران نەبرێت .
- کردنەوەی هۆڵێکی هونەری ( وێنەکێشان ، مۆسیقا ، وەرزش ، شانۆ ..و..) بۆ منداڵان لەشاری سلێمانی و دەوروبەریدا .
- بەئەنجامگەیاندنی پرۆژەی باخچەیەکی ساوایان لە گەڕەکی زەرگەتە و خستنە بەرنامەوە لە بڕیاری((نەوت بەرامبەر خۆراك)) کە بەرپرس و هەڵسوڕاوانی سەنتەر تا بەبڕیار کردنی ئەم کارە دوای کەوتن و وازیان لێنەهێنا .

ئەو دەستپێشخەری و هەنگاوە جدی و مرۆڤدۆستانانە و ئەم بەرگری کردنە لە مافەکانی منداڵان ، و هەوڵی ڕزگار کردن و پاراستنیان ، گۆشەیەکی بچوکی ئەو کارانەن کە بە سەرپەرشتی سەنتەرو هەوڵی بێدرێغی بەرپرس و هەڵسوڕاوانی خۆبەحش و کۆمەکی منداڵ دۆستان و ئازادی یخوازان بەرێوە دەچوو . بەڵام بوونە قوربانی سیاسەتی نائینسانانەی جەلال تاڵەبانی و لە کاتی هێرشی چەکدارانەیان دا بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کۆێکاری عێراق ، کە ئەم کارە شیان بۆ ڕازی کردنی دڵی جمهوری ئیسلامی ئێران و حکومەتی دڕندەی بەعس و نۆکەرایەتی کردن بۆیان ئەنجام دا( کە ئێستا وا خەریکە ڕۆژانەدەستەکانیان کەشف دەبێت و نۆ کەرایەتی و هاوکاری کردنیان لەگەڵ حکومەتی بەعسی گۆڕبەگۆڕدا بۆ خەڵکی ئاشکرا دەبێت ). وە دوژمنایەتی خۆیان بەمافەکانی منداڵان بە هێرش بۆ سەر سەنتەرەکەیان ڕاگەیاندو بەئاگرو ئاسن وەڵامی پێداویستی و داخوازییەکانی منداڵنیان دایەوە ، هەروەك چۆن ئاواش وەڵامی ژنانی سەنتەری پارێزگاری لە ژنانی کوردستانیان دایەوە .

**لە ئێستادا سەنتەری منداڵان دەیەوێ چی بکات و لە هەوڵی چیدایە؟**

دوای ڕوخاندنی ڕژێمی هارو دڕندەی بەعس ، دوای گۆڕبەگۆڕ کردنی ڕژێمی 182 هەزار ئەنفال و پێنج هەزار قوربانی کیمیابارانی خەڵکی کوردستان و، دوای کۆتایی هاتنی مۆتەکەی گرتن و کوشتن و ئیعدامی بە کۆمەڵی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وعێراق ، وە دوای ئەوەی بەهۆی سەپاندنی 13 ساڵ گەمارۆی ئابوری لەلایەن وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمەریکا و یوئێنەوە بەسەر خەڵکی هەژارو بێدەرەتانی کوردستان و عێراقدا ، کە بەشی زۆری ئەم سیاسەتە نا ئینسانییە بەر منداڵان کەوت و لەو ماوەیەدا زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو منداڵ گیانیان لە دەست دا ، پێنج ملیۆن منداڵ بە هۆی بەدخۆراکییەوە توشی نەخۆشی جۆراو جۆر بوون ( وە بەڕاستی ئامارەکانی یونیسێف لەم بارانەوە ئێجگار مەئساوین و جێگەی نیگرانی هەموو ئینسانێکی شەریف و مودافعی مافەکانی منداڵانە )، وە دوای ئەوەی بە هۆی شەڕی ئەمەریکا و بەریتانیا لەدژی عێراق ، کە برسییەتی و کەم ئەندام بوون دەرکەوتنی دیاردەی بڵاو بوونەوەی منداڵانی بێسەرپەرشت لە کۆڵان و سەرجادەکان ، بە هۆی کوژران ونەمانی کەس و کاریانەوە ، وە بە تایبەت لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق . وە بڵاو بوونەوەی جۆرەها نەخۆشی کوشندە و توشبوون و ئالودەبوون بە مەوادی ژەهراوی پرشنگدار ( المواد المشعه ) وە ك یۆرانێۆم و بلۆتۆنێۆم و..و.. هتد . کە چ بە هۆی بۆمبە یۆرانێۆمە سوتێنەرەکانی ئەمەریکاو بەریتانیاوە ، کەباراندیان بەسەر شارەکاندا و بە سەر خەڵکی و منداڵاندا ، منداڵان توشبوونەو لە هەمان کاتدا کردنەوە و تاڵانکردنی محەتەکانی نەوە وی و ووزەی ئەتۆمی وە بە تایبەت لە شاری بەغداد وبەسرە ، کە منداڵانێکی زۆر تووشی نەخۆشی سەرە تان و چەندین نەخۆشی تر بوونە و ، لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە حکومەت و دەسەڵاتێك کە

لەبەرامبەر منالأندا خۆی بەبەرپرس بزانیٚ ، وە نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەك بۆ منالأن و نەبوونی هیچ شوێنێك بۆلە خۆگرتن و ڕزگار کردن و پاراستنی ئەو منالأنە ، هەروەها بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگا بەلای منالأنداو ناساندنی مافەکانیان و قەدەعەکردنی لێدان وتوندو تیژی ، وە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانیان و پێویستی چاو لێکردنیان وە ك  ئینسانە پچکۆلەکانی کۆمەڵگاو خێزان کە خاوەنی و هەموو هەست و سۆزێك و ئاگاییەکی ئینسانین ، وە تەنها بە تەمەن بچوکن و بە پێی تەمەیان خاوەنی تەجروبەیەکی کەمی ژیانن ، وە شیاوی جێگەو ڕێگەی بەرزی کۆمەلأیەتین لە کۆمەڵگادا .
ئەندامان و هەڵسوڕاوانی سەنتەری منالأن بواری هەڵسوڕانیان فراوانتر کردۆتەوەو لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدا دەستیان بە چالاکی و هەڵسوڕان کردووە . وە هەڵسوڕاوان و ئەندامانی سەنتەر لە بەشێك لە وولأتانی ئەوروپاو  وولأتانی تری دنیادا ، خەریکی خستنە ڕوو ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی ئەو وولأتانەو ڕێکخراوەکان و لایەنگرانی مافەکانی منالأنن ، بۆ وە زعییەتی نالەباری  منالأنی عێراق و کوردستان . بەمەبەستی بەدەسهێنانی کۆمەك و پشتیوانی بۆمنالأن و ڕزگار کردنیان لەو هەل و مەرجە سەختەی کە تێیدا دەژین ، وە ئەگەر تەنها کێشەی مادی بەری دەستمان نەگرێت ، گەورەترین خزمەت بە منالأن دەکەین و زۆرترین بەش لە منالأن لەو نەهامەتییە ڕزگار دەکەین .
لێرەوە دەمەویٚ ئەوە ش بڵێم کە هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و لایەنگر لەمافەکانی منالأن ، کە مەسەلەی منالأنی بۆ گرنگەو کێشەی منالأن  مەشغەڵەتێتی و دەیەویٚ پشتیوان و هاوکاری مادی و مەعنەویمان بێت ، دەتوانێت لە و ئادرەس مەیلانەی خوارەوە سود وەرگرێت بۆ پەیوەندی کردن و وەر گرنتی زانیاری زیاتر .
سەرکەوتوو بێت خەباتی سەنتەری منالأن و هەموو ئەو ئینسان دۆست و ئازادی خوازانەی کە لە دەست بیٚ مافی  منالأن وە تەنگ هاتوون و بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد و خۆشگوزە ران بۆ منالأن ، تێدە کۆشن .


**شـــــــــــــــــــــــــــێرزاد فاتح**

**بەرپرسی دەرەوەی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالأنی کوردستان = سوید**

**نوێنەری دەرەوەی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالأنی عێراق .**

2003 /7 / 15

Sherzad_f@yahoo.com

santarimnalan@yahoo.com

atfal_iraq@yahoo.com